
**مەرج نییە گەورەترین سەرکردە ئەو کەسە بێت کە گەورەترین کاری کردووە.**

**گەورەترین سەرکردە ئەو کەسەیە کە وا لە مرۆڤەکان دەکات کاری گەورە بکەن.**



**نووسین: شاهۆ مەتین**

**دیزاین و پێداچوونەوە: نگین ڕۆژهەڵات**

*پێشکەش بە ڕۆحی مەزنی سەرکردەی کورد و حیزبی دێموکرات ؛ دوکتۆر قاسملووی هەرمان*




سەرکردە بوون کارامەییەکی بەدەست هێنراو و فێربووە نەک تایبەتمەندییەکی سروشتی.
پێم وایە ئەوەی سەرۆک و سەرکردە لە یەکتر جیا دەکاتەوە، ڕەفتارەکانیانە .دەکرێت هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرێک سەرۆک ئاسا یا سەرکردە ئاسا بێت و خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هیچ کەسێک بە ڕەهایی سەرۆکی ڕێکخراو و سرکردەی ڕێکخراو نییە .بەڵکو هەر کەسێک لە یەک کاتدا شوێنەواری هەردوو جۆری ڕەفتار لە بوونی خۆیدا هەیە؛ ئێستا لە حاڵەتێکدا ڕەفتاری سەرکردە لە هەڵسوکەوتی سەرۆک باڵاترە و لە حاڵەتێکی دیکەشدا پێچەوانەکەیە.

نە سەرکردە بوون بە تەواوەتی باش و گەرەنتییە، نە سەرۆک بوون بە مەرجی خراپ و هۆکاری شکست دێت ، بەڵکو کاریگەری هەریەکێک لەم دووانە بەندە بە مەرجەکانەوە.
هەرچەندە پێشنیار دەکرێت بۆ بەڕێوەبەران لە ژینگە ئاڵۆز و گۆڕاوەکەی ئەمڕۆدا و بە ئامانجی باشترکردنی ئاستی پێگەیشتنی سەرمایەی مرۆیی، پێویستە خۆیان لە هەڵسوکەوتی سەرۆک بەدوور بگرن و ڕەفتارەکانی سەرکردە وەربگرن و بەهێزیان بکەن.

**بابەتەکان:**

- ژیاننامەی دوکتۆر قاسملوو؛
- سەرکردایەتی چیە ؟
- پێنج تایبەتمەندی گاریگەری دوکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی متمانەپێکراو؛
- بەشی یەکەم: ٤٦ خاڵ لە ڕوانگەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری سەرکردایەتی لەخۆدەگرێت.
- لە بەشی دووەمدا: ٧٠ تایبەتمەندی جیاواز لە ڕەفتاری سەرکردە و سەرۆکەکان خراوەتەڕوو.
- بەشی سێیەم 48 :تایبەتمەندی سەرکردەی کاریگەر لەخۆدەگرێت.
- چەند وتەیەک لە قسە بەنرخەکانی دوکتۆر قاسملوو
- پێویستیی نیڵدانی کورەی خەبات لە یادی تیرۆری د.قاسملوودا



- **ژیاننامەی دوکتـــۆر قاسملوو**

کورتە ژیاننامەیەکی د .قاسملووی شەهید؛

عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شەو زستان (شەوی یەلدا) ی ساڵی ۱۳۰۹ی هەتاوی ڕێکەوتی ۲۲ی دیسامبری ساڵی ۱۹۳۰ زایینیدا لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن مڵکی دەست ڕۆیشتوودا لە دایك بوو .خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی، پێشان لە ورمێ و دوایە لە تاران تەواوکرد.

هێشتا زۆر منداڵ بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسی‌یەکان ئاشنا بوو و بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکی‌دا جووڵا.
بۆخۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی“ چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی”دا پاش باسی سەفەری ۳۰ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شووروەی، دەنووسێ : "هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەك زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بوو". بابم یەکێك لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بو، زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا ڕێکی باشیشی پێ بوو .وادیارە سۆویتی‌یەکان قەندو تفەنگـو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت .قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو .من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەق‌و ئازادیی کوردان داوا بکەن .بۆیە ڕاست‌و ڕەوان لە بابم پرسی :ئەدی مافی کوردان چی لـێ هات؟ (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی دووهەم، ۱۳٦۷ لاپەڕی ٦۲ـ ٦۱)

عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی ۱۳۲٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پی کرد .ساڵی ۱۳۲۵ کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕووخا .بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران .ساڵی ۱۳۲۷ بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە .گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانستگەی تاران (۲۵ی ڕێبەندانی ۱۳۲۷)کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان لە سەرانسەری ئێراندا .بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانی‌یەکان لە پاریس پێك هات کە لەوێ دا عەبدولڕەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو ڕێژیمەکەی قسەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازییان بۆ حەمە ڕەزا شا نارد .ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر قاسملوو .سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵی‌و وەك یەکەم بوورسیەی ئێرانیی“ یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران ”چوو بۆ پراگ پێتەختی چیکوسلۆواکی .هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد”کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا”یان دامەزراند.

لەو ماوەیەدا کە لە پراگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانیش‌دا بەشدار بوو .ساڵی ۱۳۳۰ بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووهەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پراگ گیرا، بەشدار بوو .هەر لەو ماوەیەدا وەك نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوەو کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان‌دا لە شاری بووداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ۱۳۳۱ لە سەردەمی حکوومەتی میللیی دوکتور موسەدیق‌دا عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لە زانستگەی پراگـدا لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی وەرگرت گەڕایەوە ئێران .ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و حیزبی توودەی ئێران دا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو .قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لەتاران هاتەوە مەهابادو لەوێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی بەئەستۆ گرت.

پاش کودێتای شوومی ۲۸ی گەڵاوێژی ۱۳۳۲ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ .لەو ماوەیەدا عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرپەرستیی رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لـێ دەرچوو .هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتیی ئەو پێك هات.

عەبدولرەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، ساڵی ۱۳۳٦ جارێکی دیکە چۆوە چیکوسلۆواکی، ساڵی ۱۳۳۷ (۱۹۵۸) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی مەسئولی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا لە رێگای عێراقەوە رێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە .بەڵام بە هۆی کارشکێنیی هێندێك لە بەڕێوەبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەو کارەدا سەرنەکەوتن .ساڵی ۱۳۳۹ عەبدولرەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو ولاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پڕاگ.

ساڵی ۱۳٤۱ (۱۹٦۲) قاسملوو لەزانستگەی پڕاگ دوکتورای زانستی ئابووریی وەرگرتو هەتا ساڵی ۱۳٤۹ لە زانستگەی پڕاگ دەرسی“ ئابووریی سەرمایەداریو ئابووریی سۆسیالیستیو تیئۆریی هەڵدانی ئابووری ”ی گوتەوە .لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەندین کتێبو نامێلکەی لە سەر گیرو گرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان نووسی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی“ کوردستانو کورد”ە .ئەم کتێبە لە جێدا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبیو کوردیو فارسیو هێندیوچەند بەشیشی بە فەرانسەیی چاپ و بڵاو کراوەتەوە .دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسە، ئینگلیسی، چیکیو رووسی بە باشی دەزانیو بە زۆر زمانی دیکەش وەك ئەلمانی و زمانەکانی سلاو تا رادەیەك ئاشنا بوو .ساڵی ۱۳٤۹ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ۱۱ی مارسو رێککەوتنی نێوان رێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەکوردستانی عێراقو دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لەکوردستانی ئێران زیاتر بوو .لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوەو بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی بەئەستۆ گرت .لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۵۰ گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا وەك سکرتێری گشتی هەڵ بژێرایەوە .بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەك رێبەرێکی کارزانو شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئولییەتدا کاروباری جیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکێك لە سەختترین قۆناخەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەڕێوەبرد.

مامۆستای رێبەر دوکتور قاسملوو رۆژی ۲۲ی پووشپەری ساڵی۱۳٦۸ (۱۳یژوئیەی۱۹۸۹) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاك عبداللە قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتە یناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا .لەو تیرورە ناجوانمێرانەیەدا دوکتور فازل رەسووڵ کوردی عێراقیی مامۆستای زانستگە لەوییەنیش هەر بە دەستی ئەو تیروریستانە شەهید بوو.

**سەرکردایەتی چییە؟**

بە وشەیەکی سادە، سەرکردایەتی واتە کاریگەری لەسەر ئەوانی تر، کاریگەری لەسەر دڵیان و هاوڕاکردنی ئەوان لەگەڵ خۆت .کەواتە تۆ کاتێک سەرکردایەتی دەکەیت کە ئەوانی تر بە ئارەزووی خۆیان شوێنت بکەون نەک لە ڕووی ناچاری.

بۆیە توخمە سەرەکییەکەی ئەم پێناسەیە کاریگەرییە لە دڵی ئەوانی دیکەدا .واتە ئەوانی تر حەزیان لە سەرکردایەتی تۆیە ، لەبەر ئەوەی قبوڵیان کردووە، شوێنت بکەون .ئەوان ئیلهامت لێ وەرگر دەگرن و پێیان وایە دەتوانێت لە ئارەزووەکانیان نزیکیان بکەیەوە .

**پێنج "تایبەتمەندی کاریگەری "دوکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی متمانەپێکراو ؛**

دروستکردنی متمانە نیشاندەرێکی زۆر گرنگە کە هەر کەسێک بیەوێت ببێتە سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی سەرکەوتوو دەبێت بیکات و بنیاتی بنێت .بنەمای هەر پەیوەندییەکی کاریگەر لە نێوان سەرکردە و ئەندامان یان لە نێوان هاوکارانی ڕێکخراوێکدا هەستکردنە بە متمانە.

متمانە شتێک نییە کە سروشتی و بۆماوەیی بێت، بەڵکو بابەتێکە بە کردار و ڕەفتاری ئەرێنی و بە بەردەوام بوون لە بیرکردنەوە و ئەنجامدانی کردەی ئەرێنی لە ئاستی ڕێکخراوێکدا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات.

لە کاتێکدا کە چەندین ڕێگە و شێواز هەیە بۆ بوون بە سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی جێی متمانە، بەڵام زۆربەیان تایبەتمەندی و خسڵەتی هاوبەشیان هەیە کە بە "5C"ناسراون.

دوکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی متمانەبەخۆ هەوڵی بێ ووچانی دەدا کە ئەم خسڵەت و تایبەتمەندیان لە ناو حیزبدا لە ڕێگای ئاکار و ڕەوشتی خۆی وەک پرنسیپێک بکاتە بنەما و پرستیژی تاکی دێموکرات .

**١. پابەندبوون Commitment**

سەرکردەی ڕێکخراوەیی پابەند کەسێکە کە بۆ ئامانجی دیاریکراو ، دیدگای ستراتیژیک و جێبەجێکردنی دڵسۆز بێت و سەرەڕای شکستەکان خۆڕاگر دەبێت .کاتێک سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی پابەند دەبێت، بە ئامادەبوونی کاریگەر و کردەوە ئەرێنییەکانی خۆی چالاکانە مامەڵە دەکات بەرەو بەدەستهێنانی متمانە و هۆگری کەسانی دەوروبەری.

پابەندبوون، وەک گرنگترین سیفەتی کەسایەتی سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی، وەک یەکەم فاکتەری کاریگەر لە دروستکردنی متمانەدا ، ناسراوە.

**٢. پەیوەندیCommunicatin**

سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی متمانەپێکراو پەیوەندی کاریگەرانەی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات کە شوێنکەوتووی دەبن .وریایە کە خۆی بە وەسوەسەی پرسە ڕۆژانەکانەوە نەگرێت و خۆی لە پشتگوێخستنی پەیوەندییە کاریگەرەکان بەدوور دەگرێت .

تەنانەت سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی جێی متمانە ئامادەیە لە بەشێک لە بەرپرسەکان کە ڕۆژانە دەیانبینێت ، لابدات و کاتێکی زیاتر لە گەڵ شوێنکەوتووەکانیدا بە سەر ببات و بەشێوەیەکی کاریگەر پەیوەندییەکی مانادار لە گەڵ شوێنکەوتووەکانی یان کەسانی ناو ڕێکخراوەکەیدا بکات .ئەنجامی ئەم ڕەفتارە وایان لێدەکات وەک کەسێکی متمانەپێکراو سەیری بکەن کە گرنگی پێویستیان پێدەدات و بەهای بەشداریکردنیان دەدات.

### ٣. بەزەیی Compassion

سەرکردەیەکی متمانەپێکراوی ڕێکخراوەیی ئەندامانی تیم و ڕێکخراوەکەی بە باشی دەناسێت و گوێ لە نیگەرانییەکانیان دەگرێت و بە شێوەیەکی مانادار بەزەیی و وەڵامدانەوەی گونجاو لە هەموو قۆناغەکانی کێشەکەدا دەدات .

ئەمەش بەو مانایە نییە کە کۆد کراون .سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی متمانەپێکراو، کە دەزانێت بە هیچ شێوەیەک کەس کامڵ نییە و ئەگەری هەڵەکردن لە هەموو کەس هەیە، چاوەڕێی ئەوە دەکات ئەندامانی تیمەکەی ئەرک و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی پیشەیی و لەبەردەم ئەو سەختییانەی کە ئەو ئەندامانی کە تووشی دەبن لە جێبەجێکردنی خۆیان بەرپرسیار بزانن کە کەسێک گرنگییان پێدەدات و ئەدای کارکردنیان دەبینێت .

بە شێوەیەکی ئاسایی سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی گەورە و متمانەپێکراو پشتگیری لە ئەدای هەر ئەندامێکی تیمەکەی دەکات.

### ٤. یەکدەنگی consistency

سەقامگیری بە مانای گشتی وشەیی لە هەموو بوارەکاندا لە سەرەکیترین تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانی سەرکردەیەکی ڕێکخراوەییدایە.

سەرکردەیەکی ڕێکخراوەیی جێی متمانە تەنانەت لە ژێر ئاگریشدا یەکپارچەیی ڕەفتاری خۆی دەپارێزێت .لە دۆخێکی وادا ئەندامەکانی بە بۆچوونی نایاب و بە ڕەچاوکردنی چوارچێوە یاساییەکان لێی نزیکتر دەبنەوە و لە بەردەم ڕابەری ڕێکخراوەییدا، بە پاراستنی چاوەڕوانییە بەردەوامەکان و کاردانەوەی یەکگرتوو و دوور لە هەستی ڕەفتاری بەرەو بنیاتنانی متمانە بە تیمەکەی مامەڵە دەکات .

### ٥. لێهاتوویی Competency

سەرکردەیەکی گەورەی ڕێکخراوەیی زۆربەی کاتەکانی بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی بابەتەکانی بوارەکەی بەسەر دەبات، بەگوێرەی ئەو کاتە مامەڵە دەکات بۆ باشترکردن و فراوانکردنی تواناکانی و بەردەوام فێردەبێت و لە هیچ قۆناغێکدا وا خۆی نیشان نادات کە شارەزایە لە هەموو شتێکدا و بە پێچەوانەوە بە شێوەیەک مامەڵە دەکات کە کەسانی دیکە بزانن کە کەسانی لێهاتوو و پڕ زانیاری و ئەزموون لە دەوروبەریدا هەن و سەرکردەی ڕێکخراوەیی ، متمانەی بە شارەزایی و زانیاری و ئەزموونی ئەوان هەیە و هەروەها ڕاشکاوانە و ڕاستگۆ و شەفافە لە کارەکانیدا، متمانەیان پێی هەیە.

*** سەرکردایەتی لە ڕوانگەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری سەرکردایەتی**

سەرکردەکان پێویستە ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەی قووڵتر و وورووژێنەری وەک ڕێزگرتن، ڕاستگۆیی، خۆشەویستی، دادپەروەری و جوانی بخەنە ناو چالاکییەکانەوە.(گاری هامێل)

سەرکردایەتی واتە کۆکردنەوەی خەڵک بۆ ئامانجێکی هاوبەش و داڕشتنی پلانێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و مانەوە لەسەری تا گەیشتن بە ئامانجەکە.(ویلیام ج.کلینتون)

ئەگەر کردارەکانت ئیلهامبەخشن بۆ ئەوانی تر بۆ ئەوەی زیاتر خەون ببینن و زیاتر فێربن و زیاتر هەوڵبدەن و باشتر بن، ئەوا تۆ سەرکردەی.(جان کانسی ئادامز)

تەحەدای سەرکردایەتی ئەوەیە کە بەهێز بیت بەڵام خۆبەزلزان نەبێت .میهرەبان بە بەڵام لاواز نەبێت؛ لەخۆبردوو بە بەڵام ترسنۆک نەبی.(جیم ڕان)

سەرکردەیەکی ڕاستەقینە متمانەی مانەوەی هەیە، بوێری بڕیاردانی سەخت و بەزەیی بۆ گوێگرتن لە پێداویستییەکانی ئەوانی تر هەیە .ئەو ڕێبەرێکی خۆسەپێن نیە ، بەڵکو تایبەتمەندی کارەکانی و دڵسۆزی نیازەکانی دەیکاتە سەرکردە.(داگلاس ماک ئارسەر)

سەرکردەکان نەک بەهۆی دەسەڵاتی خۆیانەوە گەورە دەبن، بەڵکو بەهۆی توانای بەهێزکردنی ئەوانی دیکەوە گەشە دەکەن و گەورە دەبن.(جۆن ماکسوڵ)

یەکەم بەرپرسیارێتی سەرکردە پێناسەکردنی واقیعە؛ دوا بەرپرسیارێتی ئەو سوپاسگوزارییە .لە نێوان ئەم دووانەدا سەرکردە خزمەتکارە.(ماکس دی پێری)

سەرکردایەتی واتە باشترکردنی ئەوانی تر لە ئەنجامی بوونی تۆ و دڵنیابوون لە بەردەوامی ئەم کاریگەرییە لە غیابی تۆدا. (شێریل سەنبێرگ)

کاتێک لەگەڵ بەڕێوەبەران قسە دەکەم، هەست دەکەم کە ئەوان گرنگن.بەڵام کاتێک لەگەڵ سەرکردەکان قسە دەکەم هەست بە گرنی خۆم دەکەم.(ئەلێکساندەر دان هێگەر)

بەهای سەرکردەیەکی ڕاستەقینە، نەک بەو کارەی کە دەیکات؛ بەڵکو بەو شتانە دەپێورێت کە بە هاندانی ئەوانی تر چی بەدەست دەهێنێت.(سیمۆن سینگ)

سەرکردەکان بەزۆری شتە سەختەکان بەڵام ڕاستەکان هەڵدەبژێرن؛ نەک کاری سادە و شتگەلێکی هەڵە.(ئەدوین وودوارد)

سەرکردە گەورەکان نایانەوێت کۆنترۆڵ بکەن؛ بەڵکوو ئارەزووی خزمەتکردنیان هەیە.(مایلز مۆنرۆ)

کەسێک کە فێری گوێڕایەڵی نەبووبێت، ناتوانێت فەرماندە و سەرکردەیەکی باش بێت.(ئەرستۆ)

بەبێ سەرکردەیەکی بەهێزی دوورنوار، هیچ ستراتیژێک بە شێوەیەکی کارا جێبەجێ ناکرێت.(ڕۆبێرت ئێس کاپلان)

سەرکردەکان لە ڕێگەی ڕاستگۆیی و شەفافیەت و متمانەپێکراوییەوە متمانە دروست دەکەن.(جاک وێڵچ)

ڕەشبین گلەیی لە با دەکات، گەشبین پێشبینی دەکات با ئاراستە بگۆڕێت، بەڵام سەرکردە بادەوان ڕێکدەخات.(جۆن ماکسۆن)

ڕاستگۆیی بەنرخترین و ڕێزدارترین تایبەتمەندی سەرکردەیە .هەمیشە وریابە لە قسەکانت.(برایان تریسی)

سەرکردایەتی واتە چارەسەرکردنی کێشەکان . ئەو ڕۆژەی سەربازەکان کێشەکانیان بۆ تۆ ناهێنن، کۆتایی سەرکردایەتی تۆیە، لەوانەیە متمانەیان نەماوە لەوەی کە ئایا دەتوانیت یارمەتیان بدەیت یان نا، یان لەوانەیە بەو ئەنجامە گەیشتبن کە تۆ گرنگیان

پێنادەیت .هۆکارەکەی هەرچییەک بێت، شکستی سەرکردایەتییە.(کۆلین پاول)

گەشەکردن و گەشەپێدانی مرۆڤەکان گەورەترین داواکاری سەرکردایەتییە.(هاروی ئێس ڤایر ستوونی)

سەرکردایەتی کاریگەر ئەوە نییە بە باشی قسە بکەیت یان بەدڵ بیت ، سەرکردایەتی بە ئەنجام پێناسە دەکرێت نەک بە سیفەت.
(پیتەر دروکەر)

سەرکردەی ڕاستەقینە خوازیاری کۆدەنگی نییە بەڵکو دروستکەری کۆدەنگی و یەکـدەنگیە.(مارتین لوتێر کینگ)

سەرکردەکان دروست دەکرێن نەک لەدایک دەبن .ئەوان لە ڕێگەی کاری قورسەوە بنیات دەنرێن، ئەمەش ئەو نرخەیە کە هەموومان دەبێت بیدەین بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێکی شایستە.(ڤینیز لۆمباردی)

سەرکردایەتی بریتیە لە هاوسۆزی: سەرکردایەتی بریتییە لە توانای پەیوەندیکردن لەگەڵ مرۆڤەکان بە ئامانجی ئیلهامبەخشین و بەهێزکردنی ژیانیان.(ئۆپرا وینفێری)

بەڕێوەبردن ڕازیکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی ئەو کارانە بکەن کە نایانەوێت بیکەن .لە لایەکی ترەوە سەرکردایەتی پاڵنەرە بۆ ئەوەی خەڵک ئەو کارانە بکەن کە هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە بتوانن بیکەن.(ستیڤ جابس)

هونەری سەرکردایەتی ئەوەیە کە بڵێیت نەخێر .چۆن زۆر ئاسانە بڵێین بەڵێ.(تۆنی بلێر)

سەرکردە گەورەکان ٣ شتیان هەیە :زانینی ناوەوە، خەیاڵی ناوەوە و هێـز .(ئەمیت ڕای)

گوێگرێکی باش بوون زۆر گرینگە بۆ ئەوەی سەرکردەیەکی باش بیت .پێویستە گوێ لەو کەسانە بگرن کە لە هێڵی پێشەوەن.
(ریچارد برانسون)

سەرکردە گەورەکان لە ململانێ ناترسن .ململانێکان نەک هەر سەرکردە گەورەکان لەناو نابەن بەڵکو زیاتر وریایان دەکەن.
(گیفت گوو گوو موونا)

سەرکردایەتی تەنها بە مانای پێدانی وزە نییە؛ هەروەها بە واتای ئازادکردنی وزەی ئەوانی تر دێت.(پۆڵ پولمان)

یەکەم ئەرکی سەرکردایەتی ئەوەیە مرۆڤەکانی خۆشبوێت و خۆشیان بوێت .سەرکردایەتی بەبێ خۆشەویستی لە فریودان زیاتر هیچی تر نییە.(ڕیک وارن)

کەسانێک (ڕێبەرانێک) کە بەڕاستی توانایان هەیە پەرە بە کەسانی تر دەدەن و بەرەوپێشیان دەبەن .ئەوانەی بەڕاستی بەهێزن ئەوانی تر کۆدەکەنەوە.(میشێل ئۆباما)

سەرکردەیەکی باش هانی خەڵک دەدات متمانەیان پێی هەبێت .بەڵام سەرکردەیەکی گەورە ئیلهام بەخشە بۆ خەڵک بۆ ئەوەی متمانە

به یەکتر بکەن.(ئێلینۆر ڕۆزڤێڵت)

سەرکردە باشەکان بەرهەم دروست دەکەن، سەرکردە گەورەکان کولتوورەکان دروست دەکەن.
سەرکردە باشەکان ئەرک بە ئەنجام دەگەیەنن، سەرکردە گەورەکان مرۆڤ پەروەردە دەکەن.
سەرکردە باشەکان دیدگایان هەیە، سەرکردە گەورەکان بەهایان هەیە.
سەرکردە باشەکان لە شوێنی کاردا نمونەن، سەرکردە گەورەکان لە ژیاندا نمونەن. (ئادەم گرانت)

یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی ڕێبەرایەتی ؛ توانای ناسینەوەی کێشەیەک پێش ئەوەی ببێتە قەیرانێکی چارەسەرنەبوو .(ئارنۆڵد گلاسۆ)

بەڕێوەبەر شتەکان بە باشی ئەنجام دەدات,سەرکردە کارەکان دروست ئەنجام دەدات(.پیتێر دراکێر)

یەکەم لێهاتوویی سەرکردایەتی گوێگرتنە، ئەوە کارامەیی نییە، ئەوە یاسایە.هەموو ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت ئەوەیە تەنها دەم دابخرێت(.پیتەر دراکێر)

جیاوازی نێوان سەرکردە و شوێنکەوتوو **داهێنانە** .( ستیڤ جۆبس)

ڕێبەری و فێربوون ؛ پێکەوە گرێدراون و ناتوانن لێک جیا بن.(جان ئێف کەنێدی)

سەرکردە کەسێکە کە خەڵک لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە.(جۆرج دبلیو بوش)

سەرکردە بریتییە لە توانای گۆڕینی دیدگا بۆ واقیع.(وارن بێنیس)

شوێن کۆمەڵ مەکەوە، با کۆمەڵ بەدوای تۆدا بگەڕێ ، سەرکردەکان بەم چەشنەن.(مارگریت تاچەر)

بەڕێوەبەر دەپرسێت چۆن و کەی کارەکە ئەنجام بدرێت ، بەڵام سەرکردە ئەوەیە کە دەڵێت پێویستە چی بکرێت و بۆچی بکرێت و چۆن بکرێت؟ (وارن بێنیس)

سەرکردە کارێکی دروست دەکات کاتێک کەسیش چاودێری ناکات. (جۆرج ڤان والێنبێرگ)

سەرکردەکان شوێنکەوتوو دروست ناکەن؛ سەرکردەی زیاتر دروست دەکەن. (برایان ترێسی)
بەبێ دەستپێشخەری، سەرکردەکان ئەو کرێکارانەن کە لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدا دانراون.(ڕۆبێرت فۆستەر بێنت)

سەرکردایەتی بریتییە لە بەدەستهێنانی ئەنجام بە شێوەیەک کە ئیلهامبەخش بێت بۆ متمانە. (ستیڤن کۆڤی)




**ســـــەرۆک یا سەرکردە؛**

سەرۆک ؛ خەڵک تاوانبار دەکات بۆ شکستەکان.

سەرکردە ؛ قەرەبووی شکستەکان دەکاتەوە.

سەرۆک ؛ تەنها بەدوای قازانجدا دەگەڕێت

سەرکردە ؛ بیر لە گۆڕانکاری دەکاتەوە.

سەرکردە ؛ داوای گوێڕایەڵی کوێرانە دەکات.

سەرکردە ؛ بەدوای گوێڕایەڵی پاک و بێ پرسیاردا ناگەڕێت.

سەرۆک ؛ ئەنجامەکان دەپێوێت

سەرکردە ؛ سەرنجی لەسەر ڕێگا و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەنجامەکانە.

سەرۆک ؛ ئیستاتیک و وەستاوە


سەرکردە ؛ داهێنەرە .

سەرۆک ؛ ستایشی خۆی دەکات

سەرکردە ؛ ستایشی ڕێکخراو دەکات.

سەرۆک ؛ گرنگی بە ژمارە دەدات

سەرکردە ؛ گرنگی و سرنج بە تاکەکان دەدات.



سەرۆک ؛ بە چاو و گوێی داخراو ، تەنها ڕێساکان جێبەجێ دەکات
سەرکردە ؛ گرنگی بە فەلسەفە و ڕۆحی ڕێساکان دەدات.

سەرۆک ؛ عەیب و لۆمە و سووکایەتی دەدۆزێتەوە
سەرکردە ؛ خۆی لە دۆزینەوەی عەیب و جنێودان دەپارێزێت.

سەرۆک ؛ ترسناکە
سەرکردە ؛ ئیلهام بەخشە بۆ متمانە و حەماسەت.

سەرۆک ؛ هەموو شتێک دەزانێت .لەسەر هەموو بابەتەکان قسە دەکات
سەرکردە ؛ پرسیار دەکات.

سەرۆک ؛ زۆر فەرمییە
سەرکردە ؛ نیازپاکی نیشان بدە.

سەرۆک ؛ دەڵێت **من**
سەرکردە ؛ دەڵێت **ئێمە**

سەرۆک ؛ خەڵک بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت ،
سەرکردە ؛ مرۆڤەکان پەرەپێدەدات و پەروەردەیان دەکات.


سەرۆک ؛ بەسەر ئەوانی تردا زاڵ دەبیت ،
سەرکردە ؛ هاوکاری و هاوڕێیەتی کەسانی تر دەکات.

سەرۆک ؛ داوای کاری قورس لە کەسانی تر دەکات، خۆی بینەرە.
سەرکردە ؛ نمونەیەکە، پێشەنگ و ئاڵاهەڵگرێکە.

سەرۆک ؛ تەنها قسە دەکات
سەرکردە ؛ پەیوەندی دەکات.

سەرۆک ؛ فەرمان دەدات
سەرکردە ؛ ڕێگاکە نیشان دەدات.

سەرۆک ؛ سارد و بێ ڕۆحە،
سەرکردە ؛ میهرەبان و بەزەییدارە.



سەرۆک ؛ دەست بەسەر سەرکەوتنەکاندا دەگرێت بە ناوی خۆیەوە،
سەرکردە ؛ سەرکەوتن بە پێی هەمووان دەزانێت.

سەرۆک ؛ بۆ پێشکەوتنی خۆی کەسانی تر دەکاتە قوربانی.
سەرکردە ؛ یارمەتی ئەوانی تر دەدات بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

سەرۆک  وەک سەرچاوە/ژێدەر سەیری خەڵک دەکات.
سەرکردە ؛ وەک مرۆڤ سەیری مرۆڤەکان دەکات.

سەرۆک ؛ سەرنجی لەسەر ئەوەیە کە پێدەچێت لە ئێستادا ڕاست بێت ،
سەرکردە ؛ بۆ هەمیشە سەرنجی لەسەر ئەوەیە کە بەردەوام ڕاستە.

سەرۆک ؛ پرێستیژ و متمانەی لە خەڵک وەردەگرێت.
سەرکردە؛  باوەر و پرستیژ بە خەڵک دەدات .

سەرۆک ؛ دەست دەخاتە ناو وردەکارییەکان
سەرکردە ؛ دەسەڵات بە ئەندامانی دەدات.

سەرۆک ؛ چۆن کارەکان ئەنجام بدات
دەزانێت ،
سەرکردە ؛ فێری چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکەت دەکات.

سەرۆک ؛  بیرکردنەوەی کورتخایەنی هەیە ،
سەرکردە ؛ بیرکردنەوەی درێژخایەنی هەیە.

سەرۆک ؛ فەرمان دەکات ،
سەرکردە ؛ هێڤی و داواکاری دەکات .

سەرۆک دەڵێت  :**برۆن**
سەرکردە دەڵێت  :**برۆین**

سەرۆک ؛  بڕیار لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەدات ،
سەرکردە ؛ بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردان ،
ئاسانکاری دەکات.

سەرۆک ؛ پێشوازی لە سەقامگیری و بێدەنگی دەکات ،

سەرکردە ؛بەدوای گۆڕانکاریدا دەگەڕێت .

سەرۆک ؛ دیاری ترست پێدەبەخشێت، بۆیە تۆ ئەوە دەڵێیت کە ئەو
چاوەڕێی بیستنی دەکات .
سەرکردە ؛ متمانەت پێدەبەخشێت، بۆیە تۆ ئەوە دەڵێیت کە پێویستە ئەو ببیستێت .

سەرۆک ؛ ئامانجی کورتخایەنی هەیە ،
سەرکردە ؛دیدگای دوورنوێنی هەیە.

سەرۆک ؛ خۆی لە ناکۆکی دەپارێزێت ،
سەرکردە ؛ سود لە ململانێکان وەردەگرێت .

سەرۆک ؛ مەترسییەکان کەم دەکاتەوە.
سەرکردە ؛ مەترسیەکان قبوول دەکات.

سەرۆک ؛خەڵک زەلیل و بچووک دەکاتەوە.
سەرکردە ؛وا لە خەڵک دەکات هەست بە بەهایەک بکەن.

سەرۆک ؛ چێژ لە سەرکەوتنی خۆی وەردەگرێت ،
سەرکردە ؛ دەیەوێت تۆ لە خۆی سەرکەوتووتر بیت، ئەو چێژ لە سەرکەوتنی ئەوانی تر وەردەگرێت.

سەرۆک ؛ لەسەر بنەمای بێمتمانەیی کار دەکات،
سەرکردە ؛متمانەی بە خەڵک هەیە.

سەرۆک ؛ لە کاتی بڕیاردان
کەشێکی کێبڕکێ پەروەردە دەکات،
سەرکردە ؛ لە کاتی بڕیاردان ئاگاداری کێبڕکێیە، بەڵام لە مێشکی خۆیدا، سەرنجی لەسەر پاراستنی ڕێکخراوەکە دایە .

سەرۆک ؛ خۆی بە چارەسەری هەموو کێشەکان دەزانێت.
سەرکردە ؛ کێشەکان بەکۆمەڵ چارەسەر دەکات.

سەرۆک ؛ پێی وایە سەرچاوەی هەموو زانستێکە ،
سەرکردە ؛ هەمیشە هەوڵی فێربوون دەدات.

سەرۆک ؛ پشت بە دەسەڵاتی فەرمی دەبەستێت ،
سەرکردە ؛ پشت بە شوێندانەر و کاریگەری دەبەستێت.

سەرۆک ؛سەرکەوتنی خۆی بە پشتبەستن بە نازناوی کار و پێگەی لە پلەبەندیدا دیاری دەکات.
سەرکردە ؛ لەسەر بنەمای ئەوەی کە چەندە کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە، سەرکەوتنی خۆی دیاری دەکات.

سەرۆک ؛ لایەنگری دەکات
سەرکردە ؛ پەیوەندییەکان دادەمەزرێنێت.

سەرۆک ؛ داوات لێدەکات وەڵامی بدەیتەوە.
سەرکردە ؛متمانە بەخۆبوونت بەرز دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە بەرپرسیارێتی خۆت.

سەرۆک ؛ چاوەڕوانی ڕێز لە ژێردەستەکانی دەکات، داوای ڕێز دەکات.
سەرکردە ؛ "بە سروشت "شایەنی ڕێزە.

سەرۆک ؛ بە خەڵک دەڵێت چی بکەن
سەرکردە ؛ یارمەتی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی شتە دروستەکە بناسن.

سەرۆک ؛ هەڕەشە دەکات
سەرکردە ؛ ئیلهام دەبەخشێت.

سەرۆک ؛ لایەنگری دەگرێت.
سەرکردە ؛ پەیوەندییەکان دادەمەزرێنێت.

سەرۆک ؛زیرەکی سۆزداری کەمی هەیە.
سەرکردە ؛خاوەنی زیرەکی سۆزداری بەرزە.

سەرۆک ؛ سووکایەتی بە ئەندام دەکات،
سەرکردە ؛ ڕەخنەی بنیاتنەر لە ئەندام دەگریت.

سەرۆک ؛ بەدوای چارەسەری کاتیدا دەگەڕێت،
سەرکردە ؛بەدوای چارەسەری بەردەوامدا دەگەڕێت نەک ئاراميەخش.
سەرۆک ؛فەرمان دەکات
سەرکردە ؛ گوێ لە بۆچوونەکان دەگرێت و ئاسانکاری دەکات.

سەرۆک ؛ باڵادەستی و خۆسەپێنی دادەمەزرێنێت
سەرکردە ؛ کاری تیمی بەهێز دەکات.

سەرۆک ؛ئەوەی دەیزانێت بۆ خۆی دەیهێڵێتەوە
سەرکردە ؛ ئەوەی دەیزانێت فێری کەسانی تر دەکات.

سەرۆک ؛ دەپرسێت "چی؟"
سەرکردە ؛ لە "بۆچی "دەپرسێت.

سەرۆک ؛ سەرنجی لەسەر ئێستایە.
سەرکردە ؛ گرنگی بە داهاتوو دەدات.

سەرۆک ؛ ڕووبەڕوی دۆخی ئێستا دەبێتەوە.
سەرکردە ؛ یاوەری گۆڕانکارییە و ئاسانکاری بۆ دەکات.

سەرۆک ؛ زیاتر قسە دەکات
سەرکردە ؛ زیاتر گوێ دەگرێت.

سەرۆک ؛ خۆحەز و سەرسامە بە خۆی .
سەرکردە ؛ نموونە و سەرمەشقە .

سەرۆک ؛دەیەوێت خەڵک شوێنکەوتوو و ژێردەستە بن نەک سەرکردە و پێشەنگ ،
سەرکردە ؛ سەرکردەی زیاتر ڕادەهێنێت.

سەرۆک ؛دەپرسێت "ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر من دەبێت؟"
سەرکردە ؛ دەپرسێت "ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر تیمەکە دەبێت؟"

سەرۆک ؛ پێویستی بە کەسانێکە کە کار بۆ سەرکەوتنەکەی بکەن.
سەرکردە ؛ هەستی سەرکەوتن لە مرۆڤەکاندا دەچێنێت.

سەرۆک ؛ تەنها ئەنجامەکانی لە ئەندامەکانی دەوێت بەبێ ئەوەی پشتگیریان بکات و سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین بکات.
سەرکردە ؛ هۆکاری ئەنجامدانی کارەکە ڕوون دەکاتەوە و فێری چۆنیەتی ئەنجامدانیان دەکات.

سەرۆک ؛ پێشوەختە حوکم دەدات ،
سەرکردە ؛ پشتگیری دەکات و هاندەر دەدات.

سەرۆک ؛ بیرۆکەی خۆی  بە باشترین و تاکە شێواز دەزانێت.
سەرکردە ؛ بیرۆکەی نوێ قبوڵ دەکات.

سەرۆک ؛بە یەکلایەنە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە پەیوەندی دروست دەکات.
سەرکردە ؛ پەیوەندی دوولایەنە دادەمەزرێنێت.

سەرۆک ؛ لە بەرپرسیارێتی خۆی بەدوور دەگرێت ،
سەرکردە ؛ خۆی بە بەرپرس دەزانێت  و لێپرسینەوە قبوول دەکات .

سەرۆک ؛  خۆسەنتەرە
سەرکردە ؛ سەرنجی لەسەر تیمەکە دەبێت.



**٤٨ تایبەتمەندی سەرکردەی کاریگەر؛**

١.جل و بەرگ :ڕوخساریکی باش، جل و بەرگی باش.

٢. زاراوە :تەکنیکی دەربڕین ڕەوان و دەربڕینی دروست و قایلکەر.

٣. کارەکتەر :ڕەفتاری بەرز، دوورکەوتنەوە لە خۆسەپێنی

٤. مێتود :شێوازی ڕاوێژکاری و هاوکاری لە ئەنجامدان.

٥. زانیاری :زانیاری لەسەر پیشە و چالاکی، خوێندەواربوون.

٦.کردار :دەستێوەردانی کاریگەر لە کاروبارەکاندا .

٧. کاردانەوە :کاردانەوەی گونجاو بەرامبەر بە ڕووداوەکان.

٨.قبوڵکردن :قبوڵکردن لەلایەن ژێردەستەکانەوە.

٩.پاڵنەر :توانای پاڵنەر بۆ ئەوانی تر.

١٠.ئارامگرتن :پاراستنی ڕۆح لە بەرامبەر ڕووداوەکان.

١١. ڕانان :سازگاری بەرامبەر بە ناخۆشیەکان

١٢. فەرمان :توانای بڕیاردان و دەرکردنی فەرمان

١٣. سازش :گونجاندن و هاوڕێیەتی گۆڕانکاری

١٤.ئاسوودەیی :گرنگیدان بە باشی دەستەکان

١٥. کەمکردنەوەی گرژی :بەڕێوەبردنی ناکۆکیەکان بۆ کەمکردنەویان

١٦-نمایش :درەوشاوەیی لە هێڵی پێشەوە، پێشەنگ ، نموونە

١٧. هەڵبژاردن :هەڵبژاردنی باشترین

١٨. هەوڵ :هەوڵدانی ماندوونەناسانە

١٩. بێگەرد :سادە و بێتاوان و پاک

٢٠.ئیدانەکردن :سەرزەنشتکردنی هەڵسوکەوتی خراپ و ناکارامەیی

٢١. مدارا :لێبوردەیی بەرامبەر نەیاران و ڕەخنەگران

٢٢. ڕوانگە :گەشبین وئیلهامبەخش

٢٣. پەروەردە :ڕاهێنانی سەرکردەکانی داهاتوو

٢٤. دروستکردن :دروستکردنی بیرکردنەوە و دەرفەتی نوێ

٢٥. لێبووردەیی :بەخشش و لێبووردەیی

٢٦ـ ستایش :پێزانین بۆ هەوڵی ژێردەستەکان

٢٧. وەرزشکردن :گرنگیدان بە تەندروستی و لەشجوانی

٢٨ . ببورن :داوای لێبوردن لە ئەگەری هەڵە

٢٩. یاخیبوون :راپەرین دژی دۆخی ئێستا و گۆڕینی

٣٠. پاڵاوتنی :پەڵپەڕێن کردنی کلتور و دروستکردنی کولتوور خۆماڵی

٣١ .قەڵەمباز :باشتربوونی بەرچاوی ئەدای ڕێکخراوەکە

٣٢ .رەوشتی باش :قسەخۆش و مەشرەف خۆش

٣٣. تێکۆشان :دیاریکردنی ئامانجە سەخت و قورسەکان

٣٤. دوورڕوان :چاودێریکردنی ئاستی گەیشتن بە ئامانج و ئامانجەکان

٣٥ -پرسیار :پرسیاری گونجاو سەبارەت بە کار دەکات

٣٦ -بەها :دیاریکردنی هێڵە سوورەکان .

٣٧ -ئیلهامبەخش :دزەکردن لە دڵەکاندا

٣٨ -توێژینەوە :لێکۆڵینەوە پێش کردار

٣٩ -تێروانین :ناسینی ژینگە و ڕکابەر و رەوتەکان

٤٠ -گەشەکردن :دۆزینەوە و بەرهەمدار کردنی بەهرەکان.

٤١ -پەروەردە :فێربوون و فێرکردن

٤٢ -گوڕوتین :هەڵگری پەسڵانی ناوەکی

٤٣ -سەختی کێش :وەرگرتنی بەرپرسیارێتی هەڵەی ژێردەستەکان

٤٤ -تاقیکردنەوە :تاقیکردنەوەی بارودۆخەکان و قبووڵ کردنی مەترسیەکان

٤٥ -هەڵسووڕان :بەدواداچوون بۆ بابەتەکان تا ئەنجامەکە بەدەست دێت

٤٦ -تەتەڵەکردن :شیکاری داتا و دەرەنجام

٤٧ -هەڵسەنگان :دوورنواری ، کێشانی دیدگایەک بۆ داهاتوو

٤٨ -ناز :بەزەیی و میهرەبانی بۆ ژێردەستەکان




- وتە بەنرخەکانی دوکتۆر قاسملوو

لە کانیی بیری قاسملووەوە ؛

**پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان؛**

"لەپێشدا با بایەخ بە هێزی بێپایانی گەلی کورد بدەین .ئەگەر پشتیوانیی خەڵکی خۆمان هەبێ، ئەو کاتە پشتیوانیی دیکەمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ ...ئێمە زۆر جارمان باس لە هۆکاری سەرکەوتنەکانی حیزبی خۆمان )حیزبی دێموکرات (کردووە .گوتوومانە کە سیاسەتی ئوسوولی و واقعبینانە و بوونی هێزی پێشمەرگەو قارەمانەتی پێشمەرگە، نوقتە قووەتی حیزبی ئێمەن، بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە".

**سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان؛**

"حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرینگرە .ئەوەی بە قازانجی خۆی و خەڵکی بزانێ جێبەجێی دەکا و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ."

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی؛**

"لەگەڵ ئەوەیکە بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات سەرمایەی هەرە گەورەمان پشتیوانیی گەلی کوردە، بەڵام هێزی پێشمەرگەش لە گەل جیا نییە و جیاش ناکرێتەوە .بۆیە پێشمەرگە و خەڵک دوو لا نین و من پێموایە لە جێدا قسەکردن لە یەکگرتوویی خەڵک و پێشمەرگە درووست نییە."

**ڕێزگرتن لە کەسایەتیی فەردیی ئینسان؛**

"هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە "ئازادی "بەنرختر نیە .ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان .ئازادییە کە رێگە نادات ئینسان بکرێ بە مۆرە .ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر و ببێتە شەخسییەت و ببێتە "فەرد"ێکی زیندوو و چالاکی نێو کۆمەڵ."

**وتووێژ وەک پرنسیپ و شێوەیەک لە خەبات؛**

"لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هیچکام لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی ئێمە دەستەبەر نابن .بەڵام حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستان هەر کات بە پێویستی بزانێ، حەقی خۆیەتی لە پێناوی گەیشتن بەداخوازییەکانی گەلی کورد لەگەڵ ئەم رێژیم یا ئەو رێژیمدا وتووێژ بکا .چونکی وەک بنەمایەک ئێمە وتووێژ بە شێوەیەک لە خەبات دەزانین".

**چەسپاندنی یەکیەتیی فکری و سیاسی؛**

"پتەوکردنی "یەکیەتیی سیاسی و فکری"، ئەرکێکی بنەڕەتییە، کە دەکەوێتە سەرشانی هەموو رێکخراوە حیزبییەکان .دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسییەکان وەک یەک بیر ناکەنەوە .ئامانجیش ئەوە نییە کە وەک یەک بیر بکەنەوە .چونکی ئەوە نە مومکینە و نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە .مەبەست لەو یەکێتییە، ئەستاندنەوەی داهێنانی فکری لە ئەندامانی حیزبی نییە .بیر و باوەڕی جیاوازی دێموکراتیکی ئەوان، کلیلی چارەسەریی دروستی گیروگرفتەکانی حیزب بۆ بەرەوپێشچوونیەتی .بەڵام ناکرێ ئەندامی حیزبی دێموکرات بین و پێڕەوی لە زەمینەی فکریی حیزب و سازمانێکی دیکە بکەین."

**باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی، وەک ئامانجێکی بەرزی سیاسی؛**

"دێموکراسیمان بۆیە دەوێ، چونکی هەم خودموختارییەکەمان )ئامانجەکەمان (دەپارێزێ هەم خۆمان حیزبێکی دێموکراتین و ئیمانێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیە، بۆیە دێموکراسی بۆ ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات، هەدەفە ...بوونی بیروبۆچوونی جیاواز لەنێو ریزەکانی حیزبدا نە تەنیا بە خراپ نازانین، بەڵکوو بە کلیلی چارەسەرکردنی درووستی گیروگرفتەکانی دەزانین کە دەبێتە هۆی بەرەپێشچوونی حیزب."

**بەرەنگاریی پێشمەرگانە (چەکداری)؛**

"ئێمە زۆر جارمان هەر لێرەوە ڕاگەیاندووە کە لایەنگری ئاشتیخوازانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردین .زۆر جار وتوومانە کە میللەتی کورد شەڕخواز نییە، میللەتی کورد شەڕی ناوێ، بەڵام میللەتی کورد داوای حەقی مەشرووعی خۆی دەکا .زۆر جار هەر لەم مەیدانەوە ڕامانگەیاندووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو وەختێک ئامادە بووە و ئامادەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاشتییەوە میللەتی کورد بە ئاواتی خۆی بگەیێنێت و وەزعێکی وا پێک بێنێ کە میللەتەکەمان پاش وەرگرتنی خودموختاری خۆی بتوانێ ژیانێکی بەختیار بۆ خۆی درووست بکا .ئەوە ئێمە نەبووین، پێشمەرگە قارەمانەکان نەبوون کە ئەو شەڕەمان دەست پێ کرد .شەڕ لە لایەن ئەو کەسانەوە دەست پێکرا کە بە فانتۆم، هێلیکۆپتێر، تۆپ و تانگ وڵامی پەیامی ئاشتیخوازانەی ئێمەیان دایەوە .بۆیە ئەوە شەڕێکە کە بە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا سەپاوە."

**دژایەتی لەگەڵ تیرۆریزم؛**

"ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتیدا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تیرۆریزم نییە .لەگەڵ ئەوەی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریستی کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام حیزبی ئێمە قەت پەنای بۆ وەها کارهایەک نەبردووە .ئێمە تەنیا حیزبی ئێران بووین کە بە بارمتەگرتنمان لە سەفارەتی ئامریکا )ساڵی ١٣٥٨ ( مەحکووم کرد .ئێمە هەمیشە تەیارەرفاندن و بۆمبدانانەوەمان مەحکووم کردووە .تیرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وڵامێکی پێ نییە جیا لە سەرکوت ...ئەگەر

ڕۆژهەڵات بە سەرچاوەی تێرۆریزم دەژمێردرێ، لە بەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە، ناوەندی ناکۆکی و پێکدانانی ئیستراتژیکی، سیاسی، ئابووری، ئایینی و نەتەوایەتییە .تا ئەم ناکۆکییانە لە بەین نەچن، تێرۆریزم ڕیشەکێش ناکرێ .تا ئەوکات خەبات دژی تێرۆریزم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەتەنیا لەگەڵ دەستە و تاقم، بەڵکوو زیاتر لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هانیان دەدەن دەبێ بکرێ .هیچ گومان لەوەدا نییە کە ڕێژیمی خومەینی لە سەرەوەی ئەو دەوڵەتانە دایە ."

**هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد؛**

مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆیدا بەو شێوەیە کە هەیە .لە واقعیدا کێشەی چەندین میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ . ویستەکانمان ڕەوا، ئینسانی و درووستن .پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە لە مەسەلەکە بڕوانین و بچینە پێشێ، سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ . موهیمییش ئەوەیە کە پەیامەکانی خۆمان کە ڕوا و دیموکراتیکن لە دەرەوە بە باشی وەربگێردرێ .دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە، بڵێین کە داوای کورد  زۆر سادە و ڕەوایە .کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاد دا هاتووە و شتێکی زیادی نیە .بۆیە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە .زۆر دەوڵەتان وەک دەوڵەتی ئێران کە باسی کورد دەکرێ، دەڵێن؛ ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و کەس حەقی نیە دەستی تێوەر بدات .کەوابوو ئێستا کە ئێمە داوای خودموختاری دەکەین، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد .بۆیەش ئەو دەوڵەت و ڕێکخراو و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن، پێویستە لە داوا ڕەواکانی کورد پشتیوانی بکەن."

**باوەڕمەندبوون بە مەسەلەی ژنان؛**

لە تێکۆشانی حیزبی  و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان .وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ .بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە .دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لەبەین بچێ .بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتن نزیکترە ."هەروەها شەهید دوکتور قاسملوو لەم بارەوە دەڵێ؛ "هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشداربن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە."

**تێکەڵکردنی ئەخلاق و سیاسەت؛**

ئێمە بێئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین و یەکەم حیزبی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.

**واقعبینیی سیاسی؛**

با ئێعتراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا کورد سیاسەتەکەی ئەوە بووە، یا هەموو شتێک یا هیچ شتێک، نەتیجەکەی بۆتە چی؟ !بۆتە "هیچ ."لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دوو هەنگاو دەچیە پێش، شتێک وەردەگری، لە پاشان دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دیکە، ئەوە سیاسەتە .ناویان ناوە هونەری مومکین .سیاسەت هونەری مومکینە .لە سیاسەتدا ڕەش و سپی نیە!، هەموو شتێک و  هیچ شتێک، هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەوێ.

**مافی دیاریکردنی چارەنووس؛**

ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەست کەوت بەو مانەیەیە کە "مافی چارەنووس"، جێبەجێ کراوە .مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێ و ئاڵای تایبەتی و دراوی خۆمان هەبێ .هەر ئێستا زۆر میللەت ئەوانەیان هەیە –بەتایبەت لە ئافریقا کە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا ئازاد کراون –بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە .مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی ڕواڵەتیی سەربەخۆیی یان ئیستقلال، مانای ئەوە نیە کە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ .عەکسی ئەوەش هەر ڕاستە ".بە گشتی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە "خەڵک هەست بەوە بکات کە حاکمە بەسەر چارەنووسی خۆیدا...

**کەڵکوەرگرتن لە ڕەهەند و شێوازەکانی خەبات؛**

حیزبی ئێمە دەبێ لە نێوان خەباتی پێشمەرگانە و "خەباتی هێمنانە"ی نێو شارەکاندا هەماهەنگی پێک بێنێ .ئەوانەی مخالفی ڕێژیمن و بەهەر شێوازێک لە پێناو داخوازییەکانی خەڵکدا خەبات دەکەن، تەنانەت بە شێوازی "خەباتی مەنفی"، وەک ئەوەی گاندی خەباتی پێ دەکرد، لای ئێمە قابیلی قبووڵ و جێی ئێحترامن .ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە هەرکەس مخالفی ڕێژیم بوو دەبێ حەتمەن چەک هەڵبگرێت .ئێمە پێشوازی لە هەموو شێوە خەباتێک؛ لە خەباتی چەکدارییەوە بگرە تا خەباتی فەرهەنگی دەکەین ....خەبات بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی خودموختار لە کوردستان کە داخوازێکی درێژخایەنە، دەگەڵ خەبات بۆ جێبەجێکردنی هێندێک داخواز لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا ناتەبایی نییە .حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایە دایە کە بە خەباتی شێلگیر ئیمکانی هەیە ڕێژیم مەجبوور بکرێ پاشەکشە بکا .جا لەبەر ئەوە حیزبی ئێمە هەر ئێستاش بۆ هێنانەدی و بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کورد و مافەکانی دیکەمان خەبات دەکا و پێیوایە کە بە خەباتی ڕێک و پێک دەتوانێ ئەو داخوازانە بەسەر ڕێژیمدا بسەپێنێ.

**بەخۆداچوونەوە و ڕێفۆرم؛**

ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی خۆی دەکات .حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە .بە پێچەوانە، پێلێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدا.




بەر لە ماڵئاوایی:

**پێویستیی نیڵدانی کورەی خەبات لە یادی  تیرۆری د.قاسملوودا**

دوابـەدوای دڕووست بوونی مرۆڤایەتی و پەرینەوەی لە چاخی ژیانی کێوێتی و دڕووسـت کردنی ژیانی ژیارمەند، ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان مرۆڤەکان هاتە ئاڕاوە، کە بیرمەندانێکی وەک .ڕۆسۆ، ڵاک، دریدا و هابز و ...بە جوانی ئاماژەیان پێداوە لە ڕاستیدا ئەم گواستنەوە و دڕووستکردنی ڕێکەوتنە خۆی لە

چوارچێوەی ئەم شوعارە بـاوەدا دەبینێتەوە کە دەڵـێ :دابینکردن و گەرەنتی کردنی پێداویستیە ئەساسییەکانی تاک و گۆمەڵگە بە پاڕاستنی ئەوانی دیکە لە پێناو پاراستنی خۆت هەر وەک دەبینیین لە هەر یەک لە قۆناغەکانی ژیان وەک :چاخی

دڕووسـت بـوونـی خێل، پاشایەتی، ئیمپراتوری و ڕۆشەنگەری تاکوو قۆناغی دەوڵەت_نەتەوە، تاکەکان بە پێدانی هێزی تاکەکەسی خۆیان بە دەسەڵاتی سەرووتر کە سەڕۆک خێل، پادشا، ئێمپراتۆر یا حاکمییەت لە چوارچێوەی یاسادا بووبێ، دەسەڵاتیان لە نێوان تاکەکان گواستووەتەوە بۆ نێوان کۆمەڵگە و حکوومەت و دوو چەمکی « ئەرک »و «ماف »لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییە لە ناخی یاسای وڵاتدا بۆ هەر دوو لایەن پێناسە کراوە و هەر کامیان .دەبی جێبەجێی بکەن

پاش هەڵوەشانەوەی ئێمپراتۆڕە سیاسی و دینییەکان و درووست بوونی دەوڵەت_نەتەوە و، پاش چەند شەڕی گـەوڕەی جیهانی و دامـەزرانـدنـی ڕێـکـخـراوەی سیاسی، ئـابـووری و ...لـە جیهاندا وپێگەیشتوویی زیاتری تاکەکانی جیهانی مرۆڤایەتی لە ڕێگای زانست و مۆدێرنیزاسیۆن، ئیدی تێگەیشتن لە مافەکان و دەستەبەری دەسەڵاتێکی ئـازاد لەپێناو ژیانێکی پر لە ئەمنییەت و ئاوێتە بەخۆشبژێوی و؛ ئازاد بوون لە مومارەسەی بەهاکانی خۆیان؛ هەموو کات وەبەر یەککەوتن لە نێوان حکومەت و خەڵکدا دروست بووە و دەشبێ .چونکی حکومەت دەیهەوێ بە قۆرغی مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێنیتەوە و لە لایەکی دیکەش خەڵک دەیانەوێ ئەمنیەت، ئازادی و دادپەروەرییان هەبێ و ئەساسی هەر.دەوڵەتێک بەرامبەر بە خەڵکەکەی جێبەجێ کردنی ئەم سێ بنەرەتەیە بۆیە لە وەهـا دۆخێکدا ئـەم وەبەریەککەوتنە لە نێوان خەڵک و حکوومەتە تۆتالیتێر و فێندەمێنتالیستەکان

چـڕتـر دەبـێ و ئاکامەکەشی یان گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە یا چۆکدادان و.خۆبەدەستەوەدان هەڵبەت دەسـەڵاتـە ملهورەکانی وەک کـۆمـاری ئیسلامیش بە میکانیزم گەلی جـۆراوجـۆری وەک :نـەخـوێـنـدەوار هێشتنەوە و وا دەکەن خەڵکی وڵات هەموو ...پەرەپێدان بە هەژاری و بێکاری و کات برسی و هاوکات زراوچووی دەزگای سەرکوت و دەسەڵاتیان بن .چ خاسمە ئەم حکوومەتە تۆتالیتێرە بە بیری فێندەمێنتاڵە هەموو کات ویستوویەتی مەزهەب ئاوێتەی دەزگا داپلۆسێنەرەکەی لە پێناو دەسەڵاتدا و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی وڵات ببێتە گۆڕستانێکی.زیندوو کە چاو لە مانیفێستی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەمدا کە ڕێبەرانی ئێستای ئۆپۆزیسیونی ڕێژیمی پاشایەتی بوون و قسەکانی خومەینی

لە کاتی دوورخرانەوەی بۆ فەڕانسەدا لە ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتەدا بۆ وێنا دەکـا، کە یۆتۆپیاکەی دەخوێنیەوە، دەبینی دنیایەکت بۆ ئەرەستوو و سۆقرات و سوسیالیزمەکەی مارکس و هاوبیرانیشی،دەستی لە دوو نادەن .گەڕانەوەی شکۆ بۆ تاکەکان، عەداڵەت، ئازادی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و ...گۆشەیەکی بچووک بوون لەمبەهەشتەی خومەینی و هاوبیرەکانی ئاڵاهەڵگری بوون .

بەڵام پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و جێگیر بوونی کۆماری ئیسلامی ئەوەی بەهۆی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە بە خەڵک بڕا بریتی بوون لە :زیان و زەرەکانی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق، کپکردنی هەرچەشنە

دەنگێکی ئازادیخوازی، دابەشکردنی خەڵک بە خودی و غەیرەخودی و بێبەشکردنی غەیرەخودییەکان لە هەموو مافێک، بەتاڵانبردنی ،هەموو بەها و بایەخەکانی تاکەکان بە خوڵقاندنی دوژمنی دەرەکی بێبەشکردنی خەڵک و تاک و کۆمەڵگە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی لە هەر جۆرە ماف و ئازادییەک، بەرەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە لەگەڵ....بێکاری، گرانی و جۆرەها خەسار و زیانی کۆمەڵایەتی و حکومەتی ملهوڕ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا و لەپێناو پاڕاستنی سیستمەکەی بەبەردەوامی چەند ڕێگەی گرتووەتە بەر :وەک، ترساندنی کۆمەڵانی،خەڵک بەهۆی دەزگـای سەرکوت و داپڵۆسێنەرەکەی .هەروەها برسی کردنی خەڵک بۆ ئـەوەی دەرەتانی بیرکردنەوە لە ماف و ئازادییەکانیان و هەلی بەرهەڵەستبوونیان پێ نـەدەن .لەو نێوەدا ڕوانگەی ڕێژیم بۆ کوردستان جیاوازتر بووە .کوردستانی دەوڵەمەند بە ئاو و خاکی بەپیت و جۆرەها کانزا و سەرچاوەی سروشتیی ژێر زەوینی و بە سامانی مرۆیی پتر لە ١٠ میلیون کەسی هەمیشە وەک ناوچەیەکی داگیرکراو و کۆلۆنی سەیر کراوە .لە ماوەی چوار دەیەی ڕابـردوودا هەموو هەوڵی ڕێژیم لەسەر ئەم بنەمایانە بووە کە ئەوەندەی بۆی دەکرێ سەرچاوەکانی بەتاڵان ببا، خەڵکەکەی لە شوناسی نەتەوەییان دابڕێ و خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی تووشی .نەخۆشی و داهێزان بکا

لەوەها دۆخێک دایە کە ئەرک و ئامانجی هەر تاکێکی ئازادیخوازی ئێرانی و بەتایبەت کـورد ئەوەیە کە بـەدژی سیاسەتی تێرۆر و داپڵۆسینی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە و پـەرە بە مافخوازیی خۆیان بدەن .ساڵیادی تێرۆری د .عەبدولڕەحمان قاسملوو دەرفەتێک و هەلێک و بیانوویەکە بۆ بەگوڕترکردنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئازادی و دادپـەروەری و یەکسانیدا کە ئامانجی هەرە بەرزی قاسملووی نەمر بوو .